# شێوازناسیی لە سێیینە چیرۆکی (گۆرانیبێژی بچووک)دا

**حەمەساڵح فارابی**
**(سلێمانی)**
**( ١- ٢ )**

سـێینەی چیـرۆک: واتــە ســێ چیــرۆک کــە پەیوەسـتن بەیەکـەوە و بـە پێکهاتـە (تەرکیـب) تەواوکـەری یەکتریـن.

**چیرۆکی یەکەم:** سپێنەی چاو لە تاریکیدا.

**چیرۆکی دووەم:** مێزی ڕازاوەی جەژنێکی دووکەسی.

**چیرۆکی سێیەم:** سەد درز لە یەک چرکەدا.

بەختیـار حەمەسـوور ئەزمـوون و دەنگێکـی نوێیـە لـە دنیـای چیرۆکـی ئێمـەدا، سێینەی ئـەم چیرۆکانـەی بـە سـێ ڕێبـاز و شـێواز و واتـای جیـاواز، تێکـەڵ بەیەکتـر کـردووە.

بـە تەکنیـک و زمانێکـی هونـەری تەنـراو بـە هێما و ڕەمز، پێکهاتـەی بنیـادی ئـەم چیرۆکانـەی هێنـدە ورد و ژیرانـە هێناوەتـە بەرهـەم، کـە ناتوانرێـت بـە سـانایی بەنێویدا تێپەڕیـن.

بەختیـار حەمەسـوور لـەم چیرۆکانەیدا توانیوێتـی هەسـت و نەسـتی خـۆی لـە ڕێـی کارەکتـەرە سـەرەکییەکەوە، ئاوێتـەی نـاو چیرۆکەکانـی بـکات. خـەم و ئازارەکانـی لەنێـو ئـەم ژینگـە ئاڵـۆز و بێسـەروبەرەیەدا وێنـا بـکات، بـە جۆرێـک کـە جیاواز لـەو چیرۆکـە شـێوە باوانـەی پێشـتر خوێندراونەتـەوە، لانـی کـەم بـۆ مـن نامـۆ و جیـاواز و نوێیـە. جیاوازییەکـەی هـەر لـە تەکنیـک و زمـان و فۆڕمـدا نییـە، بەڵکـوو لـە پێکهاتـەی ڕێبـاز و شـێوازی جیـا جیـا و دەلالەتـە فراوانەکانیشـیدایە. لـەو سـۆنگەیەوە بـە پێویسـتم زانـی، وەک خوێنەرێـک بـە کورتـی ڕانـان و ڕاڤـەی ئـەم دەقـە سـێینەییە لەبـەر چـاو بگـرم و دەستەچنێک لـە واتـای ڕەمـز و هێماکانییـەوە بەرجەسـتە بکـەم.

### گۆرانیبێژی بچووک

ئـەم ناوونیشـانە، بـە زمانـە سـیمبۆلییەکەی، کـە بووەتـە (پلـۆت، گرێچـن)ی بنیـادی چیرۆکەکانـی، دەلالەتـە لـە پێگـە و ژینگـەی، دانیشـتووانی شـارێک، گەلێـک، نەتەوەیـەک. گوزارشـتە لـە ئـاوەز و فەرهەنـگ و نەریتـی مرۆڤگەلێـک کـە هێشـتا بـە بچووکـی لەنێـو خۆیـدا مابێتـەوە. بێگومـان ئێمـە لـە ڕێـی لێکۆڵینـەوە لـە ڕەمـز و هێماکانییـەوە، درک بـە ڕسـتە و واتاکانـی ئـەم

دەقە ئاڵۆزە دەکەین. لە سیاقی خوێندنەوەدا، لە ڕێی ڕستە و نیشانەکانییەوە، ڕواڵەتی ژنێک، دایکێکی گۆرانیبێژ دێتە ئاراوە کە لەمێژ ساڵە لە شاری سلێمانییەوە هاتووەتە ئەم گوندە، ئێستا لە پرسە و بۆنەکاندا، تەنیا لەنێو ژناندا بە سۆزێکی غەمگینانە گۆرانییەکانی دەچڕێ و دەلاوێنێتەوە. ئەم دایکە لە مێردمنداڵییەوە، لە قاتوقڕی و گرانییە مەرگهێنەرەکەی ساڵی ١٩١٦دا، لە گەرمەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، کە وڵاتی ئێمەش وەک زۆربەی وڵاتان، پڕیشکێکی ئەم جەنگە وێرانکەرەیە گرتبوویەوە. لەو ئانوساتەدا وا دیارە ئەمی منداڵ کەسی لە ئەندامانی خێزانەکەی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە بە ناچاری وێڵ و سەرگەردان دەبێ. بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەرباز بێ و لە برسان نەمرێ، ڕوو لە گوندەکان دەکات. شوێن بە شوێن بۆ مانەوەی لە ژیان بە هەر سەختییەک بووبێت، بە ڕێکەوت لەم گوندەدا بۆ هەمیشە و تا کۆتایی ژیان، جێگیر دەبێت، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە ئەم گۆرانیانەی دەگەڵدا گەشە دەکەن و گەورە دەبێ و خەم و ئازارەکانی بە سۆزی گۆرانییەکانی دەلاوێنێتەوە. بۆ پاش مردنیشی وەسیەتێک جێ دەهێڵێ کە مرد بیبەنەوە بۆ شارەکەی: سلێمانی.

لێرەدا ئاستی ناوەڕۆک (مەدلوول) لە ڕێی زمانە هێماییەکەیەوە، دایک واتای زێد، نیشتمان، دەلالەتە لە ناسنامە. ژن، ژنان، واتای ژیان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی. بە کورتی ئەگەر بمانەوێ کۆدی ناونیشانەکەی بکەینەوە، دەبێت بڵێین (زایەڵەی «ئاوەز» و ئازاری گەلێک)، کە هێشتا نەبووەتە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و هەنووکە لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاری نەتەوە سەردەستەکانی (عەرەب، تورک و فارس)دا بە



بەختیار حەمەسوور

بچووکی و بێناسنامە لەنێو خۆیدا ماوەتەوە. هەروەک ویل دیۆرانت بۆ گەلی جوو دەیگوت: (باوکانی جوو لە هەزاران ساڵەوە گۆرانییەک بە گوێچکەی منداڵەکانیاندا دەچپێنن)، ڕەهەندە مێژووییەکەیشی بە وردی باسی ئازار و مەینەتییەکانی گەلی جووی لە مێژوودا دەکرد.

**گۆرانیبێژی بچووک:** ڕەهەندە مێژوویی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، پەیوەستە بە سنووری جوگرافیای شاری سلێمانی و دەوروبەری، وەک ناوەندخوازییەک لە پرۆسیسی مێژوویی و کولتووری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا. لە بەرکەوتەی زۆرترین نەهامەتی و کارەساتە مرۆییەکانیدا، هەروەها سەردەمێکی ڕوون و دیاریکراوی هەیە، کە لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا، هەموو وێنە و ڕووداوە پەرتەوازەکانی لەنێو خۆیدا کۆ کردووەتەوە، بەڵام لە شیکارییەکی قووڵی مێژووییدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆی ئەو کارەسات و نەهامەتییە بەردەوامانەی

کە لەنێو پەرتەوازەیی و نایەکانگیرییاندا هاتوونەتە ئاراوە، هۆکار و پاڵنەرەکانی بۆ ئەو ترازان و دابڕانە درک پێنەکراوەی دەگەڕێتەوە کە لە مێژوویەکی کۆن و دێریندا، بەهۆی پیلانگێڕی و خیانەتێکی گەورەوە کە لە سەدەی ٥٥٠ی پ. ز.دا، لە کۆتا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی مادەکاندا ڕوویانداوە. مادەکان پاشماوەی کۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتییە کە لە چیاکانی زاگرۆسدا ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە، ئەوان توانیبوویان هەموو تیرە و هۆزەکان، کە فرەپێکهاتە و ئایین و ئیتنیکی جیا جیا بوون، لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیاندا ڕێک بخەن و ڕەوتی مێژوویی خۆیان بەرەو پێش ببەن.

لە دوابەدوای ئەو کەوتن و دابڕانەوە، ڕۆژگاریان بەرەو ئاوابوون و تاریکی داهات، ئیدی لەو سەردەمەوە کپبوون و چەواشەکردنیان دەست پێ دەکات، وەک سەردەمێکی تاریک، بە دەست داگیرکەرانەوە پارچە پارچە دەکرێ و بەکار دەهێنرێ و بەردەوام لە سروشتی مێژوویی خۆی دادەماڵرێ.

لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە ئەو هەموو دیرۆک و لێکەوتانە باس بکەین، تەنیا وەک زانیارییەک پێویستە بزانرێت کە دۆخی گەلی کورد لە زۆربەی گەلان و نەتەوەکانی دی جیاوازترە، بەتایبەتی ئەگەر گەلی جوو بە نموونە بەراورد بکەین، ئەوان بە قەوارەیەکی بچووکەوە، چونکە یەک ناوەندی ئایینی و یەک پێگەی کۆمەڵایەتی کۆی کردوونەتەوە، وێڕای ئەو هەموو نەهامەتیانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریاندا هاتووە، ئەو پاکتاوکردن و ڕاوەدوونانەی هاتوونەتە ئاراوە، دواجار توانییان دەوڵەتێکی بەهێز بۆ خۆیان بنیاد بنێن، تەنانەت کاریگەریان بەسەر وڵاتانی تریشدا هەبێت، بەڵام گەلی کورد لە ڕێی بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییەکەیەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە پێکهاتە جیاوازەکانی لەنێو خۆیدا ڕێک بخات و بە ئامانجەکانی بگات. هەنووکە لەنێو بارودخێکی نالەباری چەقبەستوودا ماوەتەوە. لەم سۆنگەیەوە هونەر و ئەدەبیات وەک پێویستییەکی بابەتی و کاریگەر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریدا بگێڕێت، ئەم چیرۆکانە وەک کردەیەکی ئەدەبی لێکەوتەیەکی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دێننە پێشەوە.

## چیرۆکی یەکەم: سپێنەی چاو لە تاریکیدا

چاو، بە پەنجەرە و بینین و ڕوانین دادەنرێت. سپێتی چاو سیفاتی پارێزەری لە گلێنە و بینین هەیە، تاریکی هێمایەکی نادیار و ترسناکی هەیە. زمانە هێماییەکەی ناوونیشان، دەلالەتە لە بینین لە سەردەمی تاریکیدا.

ڕووداوەکە ساڵی ١٩١٦یە، کچێکی مێرمنداڵ، کە دواجار دەردەکەوێت چاوی چەپی شین و چاوی ڕاستی سەوزە، لە برساندا بە هەلاکەتێکی زۆرەوە بە سەرگەردانی، ڕێی کەوتووەتە ئەم گوندە و لە گەوڕی ماڵێکدا، لەنێو تاریکیدا تەنیا بەهۆی سپێتی چاوەکانێتی دەبینرێ کە درەوشانەوەیەکی تێدایە، بابەحاجی پیری بنەماڵە، کە دەیبینێ، لە ترساندا بێهۆش دەکەوێ، کاتێ پێدەزانرێ، بابەحاجی بە هۆش خۆی دێننەوە و دایەحاجی کە دایەگەورەی خێزانەکەیە دەستی کچە دەگرێ و بە پلیکانەکاندا دەچنە سەرێ، کە کچە دێتە دواندن، وەک زایەڵەیەک سێ جار لەسەر یەک دەڵێ برسیمە، هەر ئەوەش دەبێتە مێژووی سەردەمێک.

ئەم چیرۆکە کە باوک دەیگێڕێتەوە، هەوڵ دەدات بە شوێن چیرۆکێکدا بگەڕێت کە برا کۆچکردووەکەی چەند پارچە و بەشی لێ نووسیوەتەوە، چیرۆکەکەش پێوەندی بە

نەنکیانـەوە هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا منداڵێـک لـەم چیرۆکـەدا لەدایـک دەبێـت کـە لـە شـێوەی ڕەنگـی چـاودا دەچێتـەوە سـەر نەنکیـان.

گێـڕەرەوە وەک چیرۆکنووسـێک ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت، شـوێن کاری ناجێگیـر و پیشـەی ناڕوونـە. وەک چیرۆکنووسـێک خۆی و هاوژینەکەی کچێکـی چـوار سـاڵانەیان هەیـە. بەهـۆی بژێـوی خراپـەوە کێشـە و هەرایـان بـۆ دروسـت دەبێـت، پێشـتر هاوژینەکـەی نازنـاوی «چـاوی ماسـی» هەبـوو، واتـا جێـی هیـوا و خۆشـبەختی هەبـوو، سـیفاتەکانی گونجـاو و ئاسـوودەتر بـوون. لـە بیرۆکـەی منداڵـی دووەمیـان، هەمدیسـان کێشـە و ناکۆکـی پتریـان بـۆ دروسـت دەبێـت، بـەڵام سـەختیی ژیـان، ترازانێکـی نالەبـاری وای هێنایـە ژینگەکەیانـەوە کـە نازنـاوی هاوژینەکـەی بـۆ «خانمـی پیکاسـۆ» گـۆڕا. ئـەم نازنـاوە هاوڕێـی بـرا کۆچکردووەکـەی بـە سـەریدا سـەپاند.

پیکاسـۆ هونەرمەندێکـی شـێوەکار بـوو، لـە کوپـی شەشـپاڵووی ئەندازەییدا نیگاری دەکێشـا. لەژێـر کاریگـەری نەریـت سـەنتەریدا، لـە چەنـدان ڕەهەنـدی جیـا جیـاوە وێنـەی تەنەکانـی دەکێشـا، لـە گۆڕانـکاری، سیفاتەکانی خانمـی پیکاسـۆدا، وا دیـارە لـە وێنـەی تابلۆ، یان بیرۆکەکانی پیکاسـۆی هونەرمەنـدەوە نزیـک بووەتـەوە، نازناوەکەشـی لەم لێکچوونـەوە وەرگیـراوە. ڕاسـتییەکەی ترازانەکـە، قڵیپبوونـەوەی گۆڕانکارییەکـی شـپرزە و نامۆیـە. پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی لێـک ترازانـدووە و دۆخـی ژینگەکـەی پارچـە پارچـە کـردووە. لەسـەر نەریتێـک کـە دەبـوو منداڵـی دووەم بێتـە ئـاراوە، هەمیشـە شـەڕیان بـوو، هـەر ئـەو نـا، بەڵکـوو ماڵەباوانـی هەردووکیـان. ئـەوان بـە کۆدەنگـی شـەڕەکە دەبەنـەوە و ئەمیـش بەتەنیـا و ناچـاری شـوێن سـەنتەر نەریتییەکـەی ئـەوان دەکەوێـت. منداڵـی دووەم دێتـە ئـارا، (منداڵـە تازەهاتووەکەمـان؟ هیچمـان نییـە، ڕێسـاتێکدەرە، هەرکـەس دەیبینێـت، دەپرسـێت: «چووەتـەوە سـەر کـێ؟» ئەگـەر بتوانـم ئـەم چیرۆکـە تـەواو بکـەم، وەڵامـە بـۆ ئـەو پرسـیارە.)

لێـرەوە چیرۆکنـووس دەیەوێـت، شـەجەرەی بنەماڵەکەیـان کـۆ بکاتـەوە، واتـە گـەڕان بـە شـوێن ڕەچەڵەکـی مێژوویـی و ژینگـە کۆمەڵایەتییەکـەی و گرێدانـەوەی بـە ئێسـتاوە. (ئێسـتا کـە دەمەوێـت چەنـد پارچەگێڕانـەوەی بـە ڕواڵـەت لێکـدوور بخەمـە پـاڵ یـەک و چەشـنی یاریـی لێکچـن وێنەیەکـی پانۆرامایـی لـێ بچنـم، تـێ مـاوم، نازانـم لـە کام پارچـە و دەسـتپێکەوە، دەسـت پـێ بکـەم. بـێ دەستنیشـانکردنی سـەرەتا، دانانـی هـەر خشـتێک گـواوی و هیچـە. دوو مانگـە منداڵێـک هاتـووە، ئەمـە سـەرەتایە، یـان کۆتایـی؟ دەبێـت لـە نێـوان ئەوسا و ئێسـتادا پردێک ڕایـەڵ بکـەم تـا چیرۆکەکە خۆش خۆش بەسـەریدا بپەڕێتـەوە. خانمـی پیکاسـۆ دەیگـوت تـا بگاتـە کوێ؟ «ئـەو سـاڵەی براکـەم بـە دەسـتپێکێکی نـوێ لـە تەقویمـی بنەماڵـەدا وەسـفی دەکات.» هەنووکـە وا دەڵێـم. ناتوانـم لەگـەڵ ئـەم زەمەنـە پـڕ هـەرا و هەڵپەیـەدا هەڵکـەم، هـەر مـن نیـم، بینووسـم لیسـتێکە.) (دەمەوێـت ڕابـوردوو بانگهێشـتی ئێسـتا بکـەم و گرێـی بدەمـەوە بـە منداڵێـک کـە باوکیـم. دەکرێـت؟ سـەرەخولێمە.)

لێـرەوە چیرۆکنـووس بـە ناچارکـراوی دەیەوێـت ڕابوردوویەکـی پارچـە پارچـە و نایەکانگیرمـان بـۆ ڕێـک بخاتـەوە و ئایندەیەکی باشـتری لـێ بسـازێنێت. بـە دیوێکـی تـردا وێڵـە بـە شـوێن فریادڕەسـێکدا تـا لاسـەنگی خـۆی پـێ هاوتـا بکات. پەیتا پەیتـا، لـە ئەرشـیف و وێنـە و ڕسـتە و ئـەو چیرۆکـە ناتەواوانـەی پچـڕ پچـڕ، لێرەولـەوێ کـۆی دەکاتـەوە. دەیانباتـەوە بەردەمـی خانمـی پیکاسـۆ.

تەکنیک و زمان، بە جۆرێکە، ڕستە و وێنەکان، جیاواز و بە یەکتر ناکۆکن پۆلێن، یان خاڵبەندی ناکرێت، ئەم شێوازە لە نووسین، بە ڕێبازی کوبیزمی هێمایی، لە بەرچاو دەگیرێت، هەرچەندە کوبیزم شێوازێکی هونەری شێوەکاری بوو لەسەر دەستی پابلۆ پیکاسۆ و جۆرج براک لە سەرەتای سەدەی بیستدا دروست کرا، لە ئەدەبیاتدا سەرەتا شاعیرێک کە بە سەرکەوتوویی کوبیزمی هێنایە ئەدەبیاتەوە، گیوم ئاپۆلێنێر (١٨٨١ - ١٩١٨) بوو. ڕەوتی ئەدەبی دوای جەنگ لەگەڵ چاوخشاندنێک بە کوبیزم لە ئەدەبدا، قوتابخانە نوێیەکان کە لە دواقوتابخانەی هێماسازی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا هاتنە ئاراوە، تا سەدەی بیستەم و یەکەم جەنگی جیهانی کاریگەری خۆیان درێژ کردەوە، چەند نووسەرێکی گەورە کە بە نووسینی ڕۆمان و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە ناوبانگیان دەرکرد، وەک ژول ڕۆماین، ئاندرێ ژید، جۆرج دوهامێل، بە شیعر دەستیان بە کارە ئەدەبییەکانیان کرد. سپێتی چاو لە تاریکیدا، لە تەنگژەی هۆشیاری و دۆخی ناهاوسەنگی ژینگەکەیەوە ڕەوتی دراوەتێ.

(بیرۆکەی دروستکردنی شەجەرەنامەیەک لەو نیازەوە هات. دەمویست وەک ڕێبەرییەک بمباتە سەر ڕاستەڕێیەک. نەیبردم، هەر جارەی بە هۆکارێک تەواو نەکرا. لیستی درێژم دروست کرد، ماڵەوماڵ گەڕام، لە خوشک و براکانمەوە دەستم پێ کرد، نەوەکانیان، ماڵەمام و ماڵەخاڵ، ناوەکانم لەسەر کاغەزی درێژکۆڵە دەنووسی، دابەش و جیام دەکردنەوە، بە هێڵ و چوکڵە، لەپاڵ هەر ناوێکدا ڕەنگی چاویم دەنووسی. شتێکی نوێباو بوو، لە دەرەوەی نەریتی شەجەرەنووسی. ناوەکان تا دەهات درێژ و درێژتر دەبوونەوە، ماندوو بووم. کارەساتی نەبوونی کۆندۆم بوو، یان خەباتی بێوچانی ژێر بەتانی؟!)

لێرەدا ئاستی ناهۆشیاری دەوروبەرەکەیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دیدگەیان بۆ ژیان لە ڕێی ڕەنگی چاوەکانیانەوە، دەردەکەوێت، لەنێو بێنەزمیدا هیچ بیرۆکە و ئامادەکارییەکیان نییە بۆ پێشهاتەکانی ژیان کە بێبنەما و نابەرپرسیارانە هەر منداڵ بۆ سەر ژمارەی دانیشووان زیاد دەکەن و هیچ سوودێکیان بۆ ویست و ڕێکخستنەوەی دۆخی ژینگەکە و ئەم نابێت. گێڕەرەوە لە شوێنێکی تردا دەڕوات کەلوپەل و وردەواڵە و کتێبەکان و ئەرشیڤی برا کۆچکردووەکەی بهێنێتەوە، کە لە ژوورێکدا لە پیرەژنێکی قەڵەوی بەکرێ گرتووە، دواپارچەی شتەکانی دەهێنێتەوە لای خۆی.

لەم بەشەی چیرۆکدا کوڕی گێڕەرەوە تێبینییەکی خۆیمان دێنێتە پێش چاو کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا نووسیویەتی و دەڵێ: (لەم چیرۆکەدا من تەنیا دوو مانگ تەمەنمە و ئێستا بیست و دوو ساڵم. لە سەرێکەوە پێم خۆشە چەقی ئەم چیرۆکە منم و جێیەکم هەیە و دەبێت هەر منیش بە دوایین نوسخەیدا بێمەوە و واژووی لەسەر دابنێم. لەپاڵ ئەوەشدا ئەم چیرۆکە دەمخاتە بەردەم میراتێکی قەبە، لە ئەوەڵەوە کێش و قورساییەکەی لەسەر شانم نیشت و زانیم کەم شیاوم و ماندووم دەکات، پاراستنی، ڕەنگە لە توانایی مندا نەبێت. باوکم، گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە، ڕەنجی فەرهادئاسای لەگەڵ داوە، دواتر کە پارچەنووسینەکانی مامم دی، لەوە گەیشتم. مامم لە ئەرشیڤەکەیدا، بەتایبەت لە دەستنووسی ئەو بەشانەدا کە باوکم تێهەڵکێش و هاوپێچی ئەم چیرۆکەی

کردوون، کارێکی ئاڵۆزی کردووە، دێڕێکی لێرە نووسیوە و تەواوکەری هەمان دێڕی لەسەر کاغەز، یان دەفتەرێکی تر داناوە، دۆزینەوە و درێژەی دێڕەکان و خستنەپاڵیەکیان بەپێی ڕیزبەندی زەمەن لە پاراگرافدا، کارێکە تەنیا لە توانایی باوکم بووە.)

گێڕەرەوە لە کاتێکدا خۆی و خانمی پیکاسۆ سەرقاڵی گواستنەوەی ماڵی برا کۆچکردووەکەیەتی، منداڵە تازەبەدنیاهاتووەکەیان تەمەنی تەنیا دوو مانگە، نە باوک دەزانێت ئەم چیرۆکانە چۆن بە دەستی کوڕەکەی دەگات، نە کوڕەش دەزانێت باوکی لەم ساتەدا چ کارێک دەکات. ئێمەی خوێنەر لە زەمەنێکی تردا (لە چیرۆکی سێیەمدا)، کە کوڕە گەورە بووە، ئەم چیرۆکانە دەخوێنێتەوە، بەشێکی تر لەم هاوکێشەیە دەزانین، واتە چیرۆک بە شێوەی هێڵێکی ڕاستەوخۆ ناگێڕدرێتەوە، بەڵکوو ڕووداوەکان دابەش دەبن و لە کات و شوێنی جیاوازدا پێشان دەدرێن. فرەدید و فرەڕوانگەیە، نووسەر، یان کارەکتەرەکان لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری یەک بابەت دەکەن، تەنیا باس لە ڕووداو ناکرێت، بەڵکوو هەست و بیر و خەیاڵی کارەکتەرەکانیش تێکەڵ دەبن. چیرۆکەکە زۆرجار پێوەندییەکی تەواوی لەنێوان بەشەکاندا نابێت.

بابەتەکان زۆرجار واتای ناڕاستەوخۆیان هەیە، وەک ڕەنگ، چاو، ئاوێنە، شووشە، یان پارچەبوونی شتەکان کە هەموو ئەم تایبەتمەندیانە بنەما و ڕەگەزەکانی ڕێبازی کوبیزم پێک دەهێنن. ئەم شێوازە لە چیرۆکدا وا دەکات خوێنەر پێویستی بە لێکدانەوە هەبێت، واتە لێرەدا خوێنەر تەنیا وەرگر نییە، بەڵکوو بەشداری لە دروستکردنی واتا و لێکدانەوەی دەقدا دەکات. بەکورتی، ئەم شێوازە لە نووسین خوێنەر چالاک دەکات.

لەم چیرۆکەدا، هەموو وێنە و ڕستەکانی، گۆشەنیگای جیا جیامان دەداتێ، بەڵام ئێمە تەنیا لەنێو هێڵەکانیدا، لە سیاقی خوێندنەوەدا چەند وێنەیەکیان لێوەردەگرین، تا ئاستی بەرچاوڕوونیمان فراوانتر بکات.

(پێشتر سێ جار براکەم و ئەو خانمەم پێکەوە بینی، هەر جارەو لە شوێنێک).

(دەمزانی باوەڕی بە هاوسەرگیری نییە، دەیگوت ژنومێرد هەر لە دوورەوە جوانن.) زیاد لە جارێک. هەر ئەم وەڵامەی دا: «خانمێکە و تازە ئاشنا بووین، لە ئەورووپا دەژی و بە سەردان گەڕاوەتەوە، پرۆژەیەکی ئەدەبی- هونەری هەیە هاوکاریم. هەر ئەوەندە.») (تەماشای هەندێک لە کتێبەکان دەکەم: گاتاکانی زەردەشت لە بەرگێکی مقەباکردا. چاپێکی کۆنی زەبووری داوود. ئیسماعیلنامە. چەند یادداشتی کورت دەخوێنمەوە کە لەسەر چەند کتێب نووسیونی، لەسەر نامیلکەیەک کە تایبەتە بە ژیان و تابلۆکانی دێلا کروا، ئەمەی نووسیوە: «١٩٨٥/١/١٠، پێنج شەممە، شەقامی سابوونکەران، پێنج ڕۆژ دوای مردنی باپیرم»، مەبەستی باوکی دایکمە. لەسەر ژمارەیەکی گۆڤاری «سەراب» نووسراوە: «لە هەولێر کڕیم». لە دیوی ناوەوەی ڕۆمانی «باڵندەکانیش کۆچیان کرد»: (١٩٩٠/٧/٢٠، هەینی، سلێمانی، یەکەم کتێب کە دوای کۆچی دوایی دایکم بیکڕم.) (وەک ئەوەی لە نێوان «کتێب» و «مردن»ی نزیکەکانیدا پێوەندییەک هەبووبێت، چوار ساڵ دواتر، لە مەرگی باوکمدا، لەسەر کتێبێکی تر نووسیویەتی «یەکەم کتێب دوای مەرگی باوکم بیخوێنمەوە»، بە ڕۆژ و مانگەوە. دەنکەشقارتەیەک لە سێیەکی ڕۆمانێکی مارکیزدا دانراوە، تا ئەوێی لێ خوێندووەتەوە؟ نیگام دەکەوێتە سەر کەناری چەند کتێب، لە خوارەوە بۆ سەرەوە: [هەنبانە بۆرینە، دیوانی

نالی، دیوانی گۆران، ڕشتەی مرواری، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ]. تابلۆیەکی چکۆلەی لە چوارچێوە گیراو، بە مەرەکەبی چینیی ڕەنگاوڕەنگ: کونەپەپوویەک سێبەری خستووەتە سەر دوو عاشق! چیرۆکێکی بڵاونەکراوە، ڕەنگە دواچیرۆک. ناوونیشانەکەی: ((مێزی ڕازاوەی جەژنێکی دووکەسی)). چەند کتێبێکم دەکەمەوە. چەند دێڕێک، کە بە قەڵەم جافی سوور هێڵیان بەژێردا هاتووە. بێ ئەوەی بیانخوێنمەوە، تەماشا دەکەم. چەند ڕۆژنامە و گۆڤار کە نووسینی خۆی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

چەند کتێبۆکەی سەر بە ئەدەبیاتی چەپ، چەند بەیاننامەش کە دروشمی یەکی ئایار و یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرز دەنرخێنن؛ دەزانم هاوڕێی هەبوو، بەڵام نەمبیستووە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمۆنیست بووبێت.

لایەنی سۆزداری و عەشق، وەک بکەرێک لە پێکهاتەی خێزان، لە دەرەوەی نەریتە باوەکانی خۆیدا هاوردە بووە، لە دۆخی هۆشیاری و یاخیبووندا، تەنانەت لە پرۆژەی هونەریدا بەشداره، کە ڕوون نییە چ ئاراستەیەکی لە خۆگرتووە. سەرئەنجامەکەی لە شوێنێکی دیدا وێنەیەکمان بینی کە ژنێک بە منداڵێکەوە سەرگەردانە! سێبەری کوندەپەپوویەک لەسەر دوو عاشق، نیشانەیەکی ترسناکی دۆخەکەیە، کوندەپەپوو نیشانەی وەیشوومە و نەهامەتییە، لە نێوان مانەوە و بەردەوامبووندا، وەستان و بزاوتندا.

ئەزموونی گەلانێکمان هەیە لەنێو وڵاتان، کە پاش ئەو هەموو جەنگ و وێرانکارییانەی بەسەر وڵاتەکەیاندا هاتووە، جارێکی تر توانیویانە خۆیان ڕێک بخەنەوە. بۆ نموونە سەردەمی ڕێنیسانس لە فلورەنساوە چۆن دەست پێ دەکات، پاش دوازدە سەدە لە دابڕان و بێدەنگی، توانیان وەرچەرخانێک لە ژینگە و ژیار و ئاوەزی خۆیاندا بهێننە ئاراوە، کە دواجار کاریگەرییەکانی گەیشتە زۆربەی وڵاتانی جیهان. (دێلا کروا)، وێنەیەکی ترە کە بیرمان دەهێنێتەوە، هونەر چ ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژووی خۆیدا هەیە.

دێلا کروا: هونەرمەندی فەڕەنسی، یوجین دیلا کروا (١٧٩٨ ـ ١٨٦٣) بە یەکێک لە دیارترین نیگارکێشەکانی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت، هەروەها بە شێوازی دینامێکی و سۆزداری ناسراوە. دێلا کروا تابلۆکانی بۆ گەیاندنی مێژوو و ڕووداوە گرینگەکان، بە شێوازی سۆزداری بەکار هێنا. تیشکی خستە سەر پرسەکانی مرۆڤ و گرینگی خەبات بۆ ئازادی. بەرهەمەکانی بەڵگەی هێزی هونەرن بۆ دەربڕینی ڕووداوە مێژووییەکان. تابلۆی کۆمەڵکوژی کیۆس: زیاتر لە چوار مەتر بەرزە و بەشێک لە ترسناکییەکانی ئەو وێرانکارییە نیشان دەدات کە بەهۆی شەڕەوە لە دوورگەی کیۆس کۆمەڵکوژی دروست بووە. ژینگەی ئێمە لێرەیە، فەزای چیرۆک مێژوویەک لە شاری سلێمانی و سەردەمی ئێستایەتی. پڕ لە ڕووداو و کارەسات و نەهامەتی، لە ڕێی بەراوردەکانییەوە، شکست و هەستانەوە، قاتوقڕی و نەهامەتی، کوشتاری بە کۆمەڵ و پاکتاوی گەلێک، هەمووی بە زەینماندا گوزەر دەکات.

لەو شتانەی کە لە بەردەستدان، چەند کتێبێکی ئەدەبی و بابەتی فەرهەنگی لێیە، نووسراوی نوێن، خەم و ئازار و مەرگمان نیشان دەدەن، بەڵام هیچ دەریچەیەکیان بۆ ئازادی نەخستووەتە پێش چاومان، کتێبە کۆنەکانمان، کە لە مێژوویییەکی قووڵ و دوورەوە هاتوون، سەردەمی خۆی ڕێسابووە، ئێستا فەرامۆش

کراوە و هیچ کاریگەریکیان پێ ناکرێت. مێژوویییەکی دێرین و درەوشاوەیان لە شارستانیەتی چیاکانی زاگرۆسدا تۆمار کردووە، کە لە سەردەمی خۆیدا بێ وێنە بووە، بەڵام بەهۆی پیلانگێڕییەکەوە کە بەسەریاندا سەپێنراوە، چەواشەکران. تووشی پەرتەوازەیی و ئەو دابڕانە مێژووییییە هاتوون کە پتر لە (٢٥) سەدەیە بێدەنگ و ناکارا، لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا بە شێوەی جیا جیا بەکار دەهێنرێن و تا هەنووکە ئەم بەکارهێنان و چەواشەکارییانە بەردەوامیان هەیە. لە سەردەمی خۆیاندا هەموو ئەو هۆز و تیرە و کولتوورە جیاوازانە، لەژێر دەسەڵاتداریتی و فەرمانڕەوایەتی مادەکاندا، شارستانیەتێکی شایستە و مێژووییان ڕەوت پێدا بوو کە لە مێژووی خۆیاندا بێ وێنە بوون.

ئەو نووسراو و نامیلکانەی کە سەر بە بزووتنەوەی چەپن: برا کۆچکردووەکەی یەکی ئایاری تێدا بەرز نرخاندووە، بۆ ئەم دەبێتە سەرەتای یاخیبوونێک، کە بە ناوونیشانی دواچیرۆکی بڵاونەکراوەی براکەی دەست پێ دەکات. لە وەسیەتنامەکەی نەنکیدا بۆی دەردەکەوێت کە ڕەگێکی بنەماڵەکەیان لەم شارەیە. ژنێکی نائاسایی بووە بە دوو چاوی شین و سەوز، دەنگێکی خۆشی هەبووە، لە هەندێ بۆنە و کۆبوونەوەی داخراوی ژناندا سۆزی کردووە و گۆرانی گوتووە. هەمان ئەو کچە لاوەی لە قاتوقڕییەکەدا پەنای بۆ ئەو گوندە بردبوو، کە سپێتی چاوەکانی لە تاریکیدا دەبریسکانەوە. زایەڵەی برسێتییەکەی مێژوویەکی ترسناکی بەبیر هێنایەوە. کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی سن و کوللە بۆ سەر دەغڵودان. هەمان ساڵی گرانییەکەی (١٩١٦ - ١٩١٧). ئێستا تەنیا بیرۆکەیەک مابێتەوە و لە ناخیدا چێ بووبێت، ئەرشیڤکردنی ئەو زانیارییە پارچە پارچانەن لەگەڵ تۆمارەکانی برا کۆچکردووەکەیدا تا شەجەرەنامەکەی پێ تەواو بکات.

## چیرۆکی دووەم: مێزی ڕازاوەی جەژنێکی دووکەسی

ناوونیشان، دەلالەتە لە بنیادی پێکەوەیی لە دنیابینییەکی نوێدا. بۆنەیەکە لە زەمەنی یادکردنەوەیەکی ئەزموونکراودا، سیمایەک لە ڕێکخستنەوەی دژیەکەکانی نێو دەق، بە ئاراستەی ژینگەیەکی شیاو و گونجاو. بەختیار حەمەسوور لەم چیرۆکەدا بە هەمان زمان و تەکنیک، دەمانباتە قۆناغێکی نوێوە، لە هەمان کاتدا لە چیرۆکی یەکەم دابڕاو نییە، تەنیا وێنە و ڕووداوەکان شێوازێکی نوێتریان لەخۆ گرتووە، کە سەرەتاکەی لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەست پێ دەکات، واتە لە کۆتایی جەنگی عێراق - ئێران و دوای کارەساتی هەڵەبجە و نەهامەتی ئەنفالەکان و لاوازکردن و کپکردنەوەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستان لە چیاکاندا، پاشان لەنێو ڕووداوەکانی پاش ڕاپەڕین و لێکەوتە بێسەرەوبەرەکان و شوێنەوارەکانی جەنگ و ململانێکان.

گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە هەمان برا کۆچکردووەکەیە کە لە چیرۆکی یەکەمدا ناوی هاتووە، ئەم چیرۆکەش هەمان ئەو چیرۆکەیە لە چیرۆکی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە، کەوایە ئەمەی لێرەدایە ئەو چیرۆکە تەواوکراوەیە کە لەوێدا باس کراوە.

لە دەستخەت و ئەرشیڤەکەیدا براکەی دۆزیویەتییەوە، گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا یاخیبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، یاخیبوونێک کە سەرەتاکەی لە ڕێی هاوڕێیەکییەوە کە لە بەشی ناوخۆیی کۆلیژی ئاداب لە مووسڵ، پاش ئەنفالەکان و

کپبوونـەوەی بزووتنـەوە چەکدارییەکانـی گەلـی کـورد، پێوەنـدی بـە ڕێکخـراوی کۆمۆنیسـتەکانەوە دەبەسـتێت، کـە بەرنامـە و کاریگەرییەکانـی لـە حزبێکی کۆمۆنیستی ئەزموونکراوی شکستخواردووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە وەرگیـراوە، کـە هاتـوون بـەرەو باشـوور. پاڵنـەری سـەرەکی وەک بکەرێـک لـەم چیرۆکـەدا، خەیاڵێکـی سـۆزدارییە کـە لـە نێـوان ئامادەیـی و غیابـدا، لـە ڕێـی فاکسـێکەوە کە خانمێک ناردوویەتـی، خانمێک کە واتـای ژیـان و ژیانـەوەی لەبیرکراوەکانـی دەهێنێتـەوە یـاد، لـە هەمـان کاتـدا وەک یەکەیەکـی هانـدەر و کاریگـەر ئامادەیـی لـە ڕەوتـی بیرکردنـەوەی ئەمـدا هەیـە.

(لـە گەڕەکـە کرێکارنشـین و پەراوێزەکانـەوە دەسـتمان پـێ کـرد، بـە هیوایەکـەوە: هـەر گەڕەکێـک شـووڕای خـۆی هەبێـت و ئەنجوومەنێک، دوایـی ئەنجوومەنـەکان کۆ ببنەوە و سـەرۆکی شـار دەستنیشـان بکـەن. خەونێـک بـوو، دەمانبینـی، لـەو کاتـەدا، لـە شـاردا، بجـووڵ و بێچـەک بوویـن. بزووتنـەوەی چەکـداری گەڕایـەوە، بـوو بـە دەسـەڵاتی یەکـەم، یەکـەم گـورز لـە ئێمـەی وەشـاند. تۆمەتـی گێرەشـێوێنی بـۆ دروسـت کردیـن، بنکـە و بارەگاکانـی ڕەسـمەن وەک بەڕەڵاخانـە ناسـاند، دروشـمی: «شـوورا شـووراى چیتانـە/ میللـەت ڕقـی لێتانـە»ی خسـتە دەم خەڵـک. گرتـن دەسـتی پـێ کـرد و ڕاوەدوونـان، تـا گەیشـتە ئـەو زنجیـرە ڕووداوە ناخۆشـانەی بەسـەر گەنجانـی کۆمۆنیسـتدا هاتـن، کـە هاتـن.

زەبرێکـی دڵتەزێـن بـوو، دیمەنێکـی هەتیـو، تاکە دیمەنـە بـاس ناکرێـت، منیش باسـم نەدەکرد، لانی کـەم لـەم چیرۆکـەدا کـە دەسـتپێکێکی عاشـقانەی هەیـە؛ هەمـووی لـە ملـی ئـەو فاکسـەیە. نائومێـد بـووم، دەسـتبەردار بـووم، هـەر من نا، دەسـتەیەک هاوڕێـی تریـش؛ نووسـەر و هونەرمەنـد، شـانۆکار و ڕەسـام. دەبـوو جێگرەوەیـەک بدۆزینـەوە پیاسـە و شـەقام و کۆڵانپێوانمـان دۆزییـەوە، چایخانـە و نـادی و باخـی گشـتیش؛ وەک تارمایـی و سـێبەر، بـە شـاردا بڵاوبووینـەوە.)

وێنـە و ڕووداوەکان، لـە نێـوان خەیـاڵ و واقیـع، خـەون و خولیـادا، ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتـی ئاڵـۆز و ناجێگیـر، ململانێـی نێـوان بزووتنـەوە سیاسـییەکان بـەردەوام توندوتیـژن. داهاتوویەکـی نادیـار و نـاڕوون، هیـچ هیوایـەک بـۆ ئاسـوودەیی و سـەقامگیریی ژیانیـان لـە ئارادا نابینن. دەسـتبەردار و پەرتـەوازە دەبـن، تەنیا جێگرەوەیـەک کـە بۆیـان مابێتـەوە ئـەدەب و بەهـرە هونەرییەکانیانـە.

ئاراسـتەی ئایدیـا سیاسـییەکان بـە یـار و نەیاریانـەوە، چەکدار و بێ چەکیانـەوە، خەمسـارد و بێباکـن لـە دۆخـی ژینگـە کۆمەڵایەتییەکەیانـدا، بـۆ هـەر بیرۆکەیـەک لـە دەرەوەی خۆیانـەوە هـاوردە کـراون، یـان وەرگیـراون، هـەر ئەمەشـە بووەتـە هـۆی ترازانێکـی تـر، لـەم نێـوەدا توێژێـک، گرووپێـک، لـە نووسـەر و هونەرمەنـدان، وەک پەرچەکردارێـک لـە بـەردەم ئـەو هەمـوو ناخۆشـیانەی بەسـەریاندا هاتـووە، دووچـاری دابڕان و نائومێـدی دەبـن، لـە بەرانبـەر ئـەو هەمـوو تـرس و نادڵنیاییانـەی دەیبینـن، ئیـدی هیـچ شـتێکیان لـەلا جـوان و پەسـەند نامێنێـت، تەنانـەت بەرهەمـە هونەرییەکانـی خۆیشـیان ڕەد دەکەنـەوە.

(هـەر هونەرمەندێـک بـە قاپێـک نـەوت و پاکەتێـک شـقارتەوە، لای تابلۆکـەی وەسـتابوو، نەدەزانـرا چـی ڕوو دەدات. لـەو ساتەدا خەڵکەکە هەنگاویـان نـاو پشـتیان لـە کەلاوەکـە کـرد، لـە جووڵەیەکـی شـێتانە و کتوپـڕدا (دواتـر وتارێـک بـەم نـاوە: «پـەراوەی شـێتی»، دەربـارەی نووسـرا)، نەوتیـان بـە تابلۆکانـدا کـرد و بـە تەڵەشـقارتەیەک، کەلاوەکەیـان ڕوونـاک کـردەوە،

سـێبەرمان، وەک دێوێکـی زل، کەوتـە سـەر ڕوومەتـی دیـوار. ڕوانیمـان لـە هونەرمەنـدەکان، پاشـان لـە تابلـۆکان کـە گریـان لـێ بـەرز دەبـۆوە تـا... دامرکانـەوە.)

لێرەدا سیمای دەق، وەک یەکەیەکی پەرچەکردار لـە ئاسـت لێکەوتەکانی جەنـگ و پـاش جەنـگ، لـە دۆخـی دەروونـی خەڵکەکـە و کـۆی ئـەو دیمەنـە ناخهەژێنـە کەڵەکەبووانـەی هاتوونەتـە ئـاراوە، ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتـی نارێـک و کۆمەڵگەیەکـی دەستبەتاڵ و بەرخـۆری هێناوەتـە بەرهـەم کە چیدی جێـی پەسـەند نییـە، تەنانـەت کایـە کولتـووری و هونەرییەکانـی خۆیشـیان ڕەد دەکەنـەوە. ئـەم چەشـنە لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و لێکەوتەکانـی و کاریگـەری لەسـەر ئەدەبیات و هونـەر، لـە مێـژووی ئەدەبیاتـی ئەوروپـادا وەک ڕێبازێکـی سـەربەخۆ و کاریگـەر، بـە نـاوی دادایـزم ئەزمـوون کـراوە. دانـەر لـەم چیرۆکـەدا بـە ئاگاییـەوە بووبێـت، یـان نائاگایی، ئـەم چیرۆکـەی لـەو ڕەگـەز و چەمکانـەدا چڕبووەتـەوە کـە پێشـتر لـە لای داداییـەکان بەرهـەم هاتـوون.

داداییـەکان بزووتنەوەیەکـی پووچگەرایـی و نکوڵیخـوازی بـوو، لـە ئەنجامی گوشـار و شـۆکەکانی دەروونـی و لێکەوتەکانـی یەکـەم جەنگـی جیهانـی بـوو سـەری هەڵـدا، کـە نزیکـەی پێنـج سـەد نووسـەر و شـاعیر لەوانـە گیـوم ئاپۆلۆنێـر لـەو جەنگـەدا کوژرابـوون. دادا ڕەوتێکـی هونـەری بـوو کـە لـە ساڵی ١٩١٦ لـە زیوریـخ لـە لایـەن شـاعیران و هونەرمەندانـی وەک تریسـتان تـزارا و گرووپێـک لەوانـە هووگـۆ باڵ نووسـەر و فەیلەسـووف، ڕیچارد هۆڵسـنبیک شـاعیر، پزیشـک و هانـس ئـارپ و مارسیل جانکۆ کـە هەردووکیـان نیگارکێش بـوون، تیۆریسـت و دامەزرێنـەری ئـەم گرووپـە بـوون. ئـەوان بەهـا ناسیۆنالیسـتی و سـەرمایەدارەکانیان ئیدانـە (شـەرمەزار) کـرد کـە کارەسـاتی شـەڕیان لێکەوتـەوە. دادا پێشـەنگی ڕاسـتەوخۆی بزووتنەوەی جەمکـی بـوو، کـە هونەرمەنـدان سـەرنجیان لەسـەر دروسـتکردنی شـتگەلێکی دڵخۆشـکەر نەبـوو، دەیانگـوت هونـەر لـە هەمـوو بارودۆخێکـدا دەبـێ بیرۆکـەی نـاوازە بگەیەنێتـە بینـەر، نـەک تەنیـا کارێکـی بـاش و دروسـتکراو، هەرچەنـدە بزووتنەوەیەکی کورتخایـەن بـوو، لـە ساڵی ١٩٢٢دا، بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆتایی هـات، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر بزووتنـەوە هونەرییەکانـی دواتـر هەبـوو. لەگـەڵ پەرەسـەندنی ئـەم بزووتنەوەیـە، دواجـار ناکۆکـی کەوتبـووە نێـوان دامەزرێنەرانـی، ئـەوە بـوو هووگـۆ بـاڵ کـە ئەندامـی دیـاری بـوو، دوای چەنـد مانگێـک گرووپەکـەی بەجـێ هێشـت و بـە تـەواوی خـۆی بـۆ ئاییـنی کاسـۆلیکی عیرفانـی تەرخـان کـرد، ئـەم ناکۆکیانـە بوونـە هـۆی کۆتایـی دادا.